# دووانەی تاراوگە و خەون لە شیعرەکانی "جەلال بەرزنجی"دا لە ڕووی دەروونشیکارییەوە

**هیبە مومتاز جەلال**

**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین**

hiba.jalal@su.edu.krd

**پ. ی. د. پەروین عەبدوڵڵا خزر**

**بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین**

barween.khudhur@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی "دووانەی تاراوگە و خەون لە شیعرەکانی جەلال بەرزنجیدا لە ڕووی دەروونشیکارییەوە" لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣دایە. خەون ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە داهێنان و دارشتنی ئەدەبدا، ئەم جۆرە داهێنان و دارشتنەش بە گشتی لە دەقی ئەدەبی و بە تایبەتی لە شیعردا بەدیار دەکەوێت. هەرچەندە هەندێک لە وتاری بڵاوکراوە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە لێکدانەوەی خەونی شاعیران لە دەقە شیعرییەکاندا دەکەن، بەڵام بە میتۆدێکی دیاریکراو لێکدانەوەیان بۆ خەون نەکردووە. ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لەوانەی پێشوو جیا دەکاتەوە، کارکردنە بە میتۆدی دەروونشیکاری، بە تایبەتییش تیۆری فرۆید کە بۆ لێکدانەوەی خەون و خەسڵەتەکانی تاراوگەبوون کاری لەسەر کراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دەرخستنی ڕێژەی ئەو شیعرانەی کە جەلال بەرزنجی لە تاراوگەدا نووسیوونی و تاچەند ڕەنگدانەوەی خەونیان پێوە دیارە، لەگەڵ ئەمەشدا دەرخستنی سیماکانی تاراوگەبوون لەم دەقە شیعرییانەدا. ئەم توێژینەوەیە لە کۆتاییدا ئەوەی دەرخست کە خەون بەشێکی زۆری لە شیعرەکانی تاراوگەی جەلال بەرزنجی داگیر کردووە و لە لێکدانەوەی خەونیشدا ئەو سیمایانەی تاراوگە جێکەوتەی هەیە: (نۆستالژیا، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ منداڵی، گەڕانەوە بۆ نیشتمان، نامۆبوون و پاراستنی ناسنامە و کولتوور).

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٥/٤

پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٦/١٧

بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/٢٧

**کلیلەوشە:**

سیماکانی تاراوگە، خەون، دەروونشیکاری، شیعر.

▪ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات. گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.

## پێشەکی:

خەونەکان ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دارشتنی خەیاڵی شاعیران و بنیاتنانی بیرۆکە داهێنەرەکانیان دەگێڕن. شاعیران لە ڕێگەی خەونەکانیانەوە داهێنان و گوزارشت لە ناخ و دەروونی خۆیان دەکەن. لێرەدا پێوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونشیکاری دروست دەبێت. لەم سۆنگەیەوە، ڕەهەندە دەروونییەکان لەناو ئەدەبدا ڕەنگ دەدەنەوە. دەقەکانی جەلال بەرزنجی وەک شاعیرێکی تاراوگەنشین، لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، بەتایبەتییش میتۆدی فرۆید کارمان لەسەر کردووە. بۆ دەرخستنی چەمکی خەون و سیماکانی تاراوگە لە دەقە شیعرەکانی تاراوگەیدا. سەبارەت بە لێکدانەوەی خەون لە شیعری کوردیدا، بەپێی زانیاریی توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە، هیچ کارێکی ئەکادیمی و پوخت لە سنووری لێکدانەوەی خەون بە میتۆدی دەروونشیکاری نەکراوە بۆ تێگەیشتن لە ناخ و ئەزموونی تاڵی شاعیران. ئەوانەشی دەربارەی خەون کراون، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. لە ئاستی وتاردا، دوو وتاری کورت بەردەستن. یەکەمیان: بە ناونیشانی "خەونە بچووکەکانی ژنێک لە کۆمەڵە شیعری نەسیمدا"، کە لەلایەن سەدیق سەعید نووسراوە (سەعید،٢٠١٩). دووەمیان: بە ناونیشانی "زەمەنی شیعری و خەونبینینی شاعیر" کە لەلایەن جەمال نووری نووسراوە (نوری، ٢٠٢٠) لەگەڵ کتێبێک بە ناونیشانی ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا (شەوڕۆ، ٢٠١٤) دەربارەی خەون کراوە.

### سنووری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر تێکستە شیعرییەکانی تاراوگەی جەلال بەرزنجی کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣، ئەم مەودایە لە چەند دەقێک پێک هاتووە ئەوانیش: بارانی ڕەحمەت، لەمدیو زەریاش خۆر لە بەلەمەکەی من هەڵنەهات، بۆ ئەوەی منتان لەبیر بێت، تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوابوون، دوا پەنا.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژیینەوەیە شیکردنەوە و دەرخستنی ئەو دەقانەیە کە کاریگەریی ئەزموونی تاراوگەیان لەسەرە، دەمانەوێت ئەوە بخەینە ڕوو، چۆن ئەزموونی تاراوگە کاریگەری لەسەر دەروونی شاعیر هەبووە و لەخەونەکانیدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە.

### پرسیارەکانی توێژینەوە:

١- شیعرەکانی جەلال بەرزنجی، تا چەند ڕەنگدانەوەی خەونی پێوە دیارە؟

٢-کام لە سیماکانی تاراوگە لە ڕێگەی خەونەوە دەرکەوتوون؟

### میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی دەروونشیکاری و تیۆری فرۆیدی تێدا بەکار هاتووە.

### پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە؛ لەبەشی یەکەمدا، چەمک و پێناسەی تاراوگە و خەون لە ڕووی دەروونشیکارییەوە خراوەتە ڕوو. بەشی دووەم، تایبەتە بە دوانەی تاراوگە و خەون لە شیعرەکانی جەلال بەرزنجیدا. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە و سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم: تاراوگە و خەون لەژێر ڕۆشنایی شیکردنەوەی دەروونیدا

### ١-١: چەمك و ناساندنی تاراوگە

تاراوگە یەکێکە لەو زاراوانەی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا لە زۆر لایەنەوە کاری لەسەر کراوە، بەڵام لە

ئەدەبیاتی کوردیدا، وەکوو کاری ئەکادیمی بەم دوایییانە بایەخی پێ دراوە، بۆ ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی زاراوەی تاراوگە، وەکوو دیاردەیەکی ئەدەبی، پێویست دەکات چۆنیەتیی دروستبوونی زاراوەکە ڕوون بکرێتەوە. تاراوگە، لەڕووی دروستبوونیسەوە لە زمانی کوردیدا وشەیەکی داڕێژراوە، لە "تاران"ەوە هاتووە، بە مەبەستی ڕۆیشتن و سەرهەڵگرتنی کەسێکە بۆ شوێن و جێگەیەکی دیکە، یاخود "تاراندن" گەردانکردنێکە بۆ کەس و سیفەتی سەرهەڵگرتنی تاکەکەسێکی دراوەتە پاڵ، ئەمەش بە مەبەستی نەگەڕانەوەی بۆ زێد و نیشتمان بەکار هێناوە. (هەژار، ١٣٥٩، ل ١٣). لە فەرهەنگی کوردستاندا، "تاراو" بە مانای ئاوارە و هەڵاتوو هاتووە، بەڵام "تاراندن" بە مانای ڕاونان، تەراندن، ڕەواندن بەکار هاتووە. (موکریانی،١٩٩٩، ل ٢٠٩). هەروەها لەفەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا "تاراندن" بە مانای ڕەواندنی یەکجاری هاتووە. بە هەمان شێوە "تاراو" ڕۆیشتوی بێ گەڕانەوە، برای هەمیشەرەفتەی بۆ بەکار هاتووە. (هەژار، ١٣٦٩، ل ١٤٠). واتە تاراوگە، ئەو حاڵەتەیە کە کەسێک دوور لە زێد و نیشتمانی خۆی دەژی. تاراوگەبوون لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بوونی هەبووە، لە کۆنترین دەقە ئەدەبییەکانەوە هەتا ئەمڕۆ، وەک هەستێکی قووڵی دابڕان و غەریبی خۆی نیشان داوە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرهەمە فیکری و ئەدەبییەکان داناوە.

لە زمانی کوردیدا، تاراوگە بەرانبەر بە چەمکی "Exile" بەکار دەهێنرێت کە مانای دەربەدەری و دوورخستنەوە، جیابوونەوەی زۆرەملێیی مرۆڤ لە وڵات یان زێدی بە هۆکاری سیاسی، ئایینی، یان کۆمەڵایەتی بێت. (Chung, ٢٠١٢) . تاراوگە ئاماژەیە بۆ دەرەوەی نیشتمان، واتە کاتێک کەسێک ناچار دەکرێت بە هۆکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی، نیشتمان و زێدی خۆی جێ دەهێڵێت بۆ کاتێکی نادیار یان بۆ ماوەیەکی دووردرێژ ناتوانێت بگەڕێتەوە. ئێدوارد سەعید، ڕەخنەگری فەلەستینی-ئەمەریکی، بەم شێوەیە پێناسەی تاراوگە دەکات: تاراوگە بریتییە لە ئەزموونێکی قووڵ کە بەسەر تاکەکاندا دێت و کەسەکە ناچار دەکرێت شوێنی ڕەسەنی خۆی جێ بهێڵێت، ئەمەش وا دەکات خەمێکی گەورە بەدوای خۆیدا بهێنێت. (Allatson & McCormack, ٢٠٠٥: ٢). زیاد لەمەش، جەبرا ئیبراهیم جەبرا، نووسەری ناوداری فەلەستینی، تاراوگە وەک ئەزموونێکی ئاڵۆز سەیر دەکات و پێی وایە تاراوگەبوون دابڕانی جەستەیی و دەروونی و کولتوورییە (Halabi, ٢٠١٧: ٩٦).

جەلال بەرزنجی دەربارەی تاروگە دەڵێت: تاراوگە واتا کەسەکە ناچار دەکرێت وڵاتەکەی خۆی جێ بهێڵێت، بە هۆکاری سیاسی، ڕەنگ، بیروڕای ئایینی یان کۆمەڵایەتی کە ئەو کەسانە ناتوانن بگەڕێنەوە. (بەرزنجی، ٢٠٢٤). واتە، تاراوگەبوون بە زۆرەملێی و ناچارییە. کاتێک شاعیران ناچاردەبن نیشتمانی خۆیان جێ بهێڵن و لە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی جوگرافیای خۆیان نیشتەجێ و تاراوگە دەبن، بەمەش کۆمەڵێک سیما لە نووسینەکانیان لێکەوتەی دەبێت و جێگەی بۆ دەکرێتەوە.

## ١-٢: سیما دەروونییەکانی تاراوگە لە خەونە شیعرییەکانی جەلال بەرزنجیدا

### ١-٢-١: نۆستالژیا

یەکێکە لەو چەمک و زاراوانەی کە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، بەگشتی ئەوەی دەربارەی نۆستالژیایە لە ئەدەبدا تازەیە، لە ڕووی زاراوەوە نۆستالژیا وشەیەکی فەڕەنسییە و لە دوو وشەی لێکدراو دروست بووە، لە یۆنانییەوە وەرگیراوە (nostos) بەمانای گەڕانەوە و (algos)

به مانای ئاواتخواز، ئازار، ناخۆشی و خەفەت دێت (شریفیان، ١٣٨٦: ٥٣). ئەم ئازار و دڵتەنگییەش بەهۆی دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و کەسوکار و ئازیزانەوە دروست دەبێت. نۆستالژیا زاراوەیەکی فرەوانە دەلالەت لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەکات، غەریبی، حەسرەت، غوربەت، سۆزی گەڕانەوە هتد... کەواتە نۆستالژیا یەکێکە لە سیماکانی تاراوگە، نۆستالژیا چەندان جۆری هەیە وەک: (نۆستالژیای گەڕانەوەی سەردەمی منداڵی، نۆستالژیای گەڕانەوەی گەنجی، نۆستالژیای نیشتمان و غوربەت، نۆستالژیای خۆشەویستی، هتد...).

### ١-٢-٢: نامۆبوون

نامۆیی یەکێکە لە سیماکانی شیعری تاراوگە کە لە شیعری شاعیراندا جێگەی بۆ کراوەتەوە و دەرکەوتووە. نامۆیی دۆخێکە ڕەنگە دووچاری هەموو کەسێک ببێت و هۆکارەکانیشی جیاوازن، بەڵام زیاتر شاعیران دەتوانن لە ڕێگەی شیعرەکانیانەوە ئەم حاڵەتە دەرببڕن. (نوری، ٢٠٢١: ١). هەروەها سیگمۆند فرۆید، زانای نەمساوی، کە بە دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاری دادەنرێت، دەربارەی نامۆیی دەڵێت: "نامۆبوون ئاکامی جیابوونەوەی ئاگاییە (الشعور) لە نەست (لاشعور) و ئەو کاتەش کەسەکە لەژێر کاریگەریی ئارەزووە خەفەکراوەکانیدا ڕەفتار دەکات. هەروەها پێی وایە نامۆیی لە ئەنجامی ململانێی نێوان خود و ڕێکارە شاراوەکانی دروست دەبێت، کاتێ تووشی ئاڵۆزییەکانی شارستانییەت و ڕێکارییە جۆربەجۆرەکانی دەبێتەوە، کە دەبنە بەربەستێک بۆ تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی. سەرەنجام تاک ئەم ویست و ئارەزووانە لە ناخیدا خەفە دەکات." (سەعدون، ٢٠١٥: ٤٨٢-٤٨٣). کەواتە فرۆید پێی وایە مرۆڤ لە ڕێگەی دابونەریت و کۆمەڵگەوە دووچاری نامۆبوون دەبن؛ تاک ڕێگری لێ دەکرێت و ناهێڵن بەو شێوەیە بژیت کە خۆی دەیەوێت. کەواتە کۆمەڵێک هۆکار هەن ڕەنگە بە شێوازێک لە شێوازەکان تاک دووچاری نامۆبوون بکەن، بەڵام تاراوگەبوون و دووربوون لە نیشتمان، ڕەنگە هۆکارێک بێت بۆ هەستکردن نە نامۆیی لە شوێنە نوێیەکەدا.

### ١-٢-٣: ناسنامە و کولتوور

لە نێو ئەم سیمایانەی تاراوگەدا، ناسنامە و کولتوور دەرخەری تاراوگەبوونی شاعیرانن. جێکەوتەی ئەم سیمایانەش لە شوێن و سەرزەمینە نوێیەکەیدا، شاعیری تاراوگەبوو دووچاری کێشە دەکەنەوە. ناسنامە چەمێکی فرەڕەهەندە، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک: زمان، ئایین، نەتەوە، نیشتمان، کولتوور و دابونەریت... لەخۆ دەگرێت. زاراوەی ناسنامە لە وشەی "identitas" وەرگیراوە، بەگشتی ناسنامە پرسیارە لە هەبوونی کەسێک، واتا ئەو کەسە کێیە. (مەهدی، ٢٠٢٤). وشەی ناسنامە لە "ناسین"ـەوە وەرگیراوە. ناسنامە چەمکێکی ئاڵۆزە، کە لە ڕوانگەی دەروونی، بایۆلۆژی، کۆمەڵناسی... پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. سادەترین پێناسەی ناسنامە بریتییە لە: وەڵامدانەوەی: "من کێم؟ ئێمە کێین؟ ئەو کێیە؟" پرسیارێکی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، پیشاندانی پێوەندیی تاکە بە خودی خۆی و پێوەندیکردنە بە کۆمەڵەوە، چونکە ناسنامەی تاک، بەهۆی کۆمەڵەکەیەوە دەردەکەوێت. (گرامی، ٢٠٢٤: ٩٤). هەر بۆیە ناسنامە ڕەهەندێکی واتادارە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتیی تاک، گرووپ، ڕێکخراو یان کۆمەڵێک؛ واتە چۆن تاک، گرووپ و کۆمەڵ پێناسەی خۆیان دەکەن و چۆن دەتوانن هاوبەشییەکی واتادار پێکەوە بونیاد بنێن، ناسنامە هەڵبژاردنێکی ئازادانە و هۆشیارانەیە بۆ قەبوولکردنی هاوبەشییەک لەگەڵ ئەوانی دیکەدا (Jordhus-lier & Stokke, ٢٠١٧). کەسی تاراوگەبوو، لە تاراوگە و شوێنە نوێیەکەیدا بەهۆی ناسنامەکەیەوە دووچاری کێشە

دەبێتەوە، ئەویش توانەوە و تێکەڵاوبوونە. د. ئێم کەی گاوتەم، مامۆستای زانکۆی هیندی، پێی وایە هەر کاتێک کەسی تاراوگەبوو لە شوێنە نوێیەکەدا نیشتەجێ دەبێت، هەست بە کولتووری شوێنە نوێیەکە دەکات، هەر بۆیە لە گفتوگۆدا لەگەڵ خەڵکی کولتووری جیاوازەکە، هەوڵ دەدات خۆی بگونجێنێت، بۆیە لەم پرۆسەیەدا لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکاری دەکات، بەمەش یان کولتوورەکەی خۆی لەم کولتوورەدا دەتوێنێتەوە، یانیش ئاوێتەیەک لە هەردوو کولتوور پێڕەو دەکات. بەمەش دوو چەمک دێتە پێشەوە، ئەوانیش توانەوە و ئاوێتەبوونن. (Gautam, ٢٠١٣: ٣-٤) واتە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت شتێک شوێنی بگرێتەوە یان جێکەوتەی ببێت، دەبێت پێڕەوی لە هەردوو کولتوورەکە بکات و کولتوور و شوناسی خۆی بپارێزێت.

کەواتە تاراوگەنیشن بە هۆکارە و کەسی تاراوگەبوو ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی، یان هاتنەوەکەی نادیارە. تاراوگەبوون، تەنیا دابڕانێکی جوگرافی نییە، بەڵکوو دابڕانێکی فیکری، سۆزداری و کولتوورییە. ئەو کەسەی کە لە تاراوگەدا دەژی، بەردەوام لە نێوان دوو دونیادا ماوەتەوە؛ دونیای ڕابردوو و زێدی خۆی کە هەمیشە لە یادەوەریدا زیندووە، دونیای نوێی پڕ لە نامۆیی و بێئینتیمایی. ئەم حاڵەتە دووانەییە، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بەرهەم و داهێنانی ڕۆشنبیران و ئەدیبەکان داناوە.

## ١-٣: خەون وەك میکانیزمێکی دەروونی لە ئەدەبدا

خەون وەک دیاردەیەکی دەروونی و هزری لە مێژووی ئەدەب و داهێنانی شیعری بەشێکی جیانەکراوە بووە. خەون، ئەو فەزا نادیار و سەرنجڕاکێشەیە کە شاعیر لە هەموو سەردەمێکدا پەنای بۆ بردووە بۆ گوزارشتکردن لە ئەزموونی ناوەکیی خۆی و ئەو شتانەی کە لە واقیعدا ناتوانرێت دەرببڕدرێن. خەون لە ئەدەبدا جیاوازە تەنیا ڕەنگدانەوەی خەوی شەوانە نییە، بەڵکوو ئامرازێکی هونەرییە، شاعیر لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت سنوورەکانی واقیع ببەزێنێت و دەروازەی خەیاڵ و مەعریفەی نادیار بکاتەوە و داهێنان بکات.

لە فەرهەنگی "لسان العرب"دا، دەستەواژەی خەونبینین ئاماژەیە بۆ ئەو خەوەی کە لەخەوندا دەیبینین (المنظور،١٩٨٤). هەروەها خەون لە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا بەم جۆرە هاتووە: خەو: نوستنە، دژی بێداری. خەون، شتێ کە لە خەودا دەبینرێ. خەوبینین: خەودیتن، لەخەودا دیتنی شت. (هەژار، ١٣٦٩: ٢٦٨). واتە، خەون بە مانا زانستییەکەی نوستنە و بینینی شتە لە خەودا.

خەون وەک زاراوەیەکی ئەدەبی و زانستی، چەندان پێناسە و مانا لەخۆ هەڵدەگرێت، سادەترین ڕاڤەی خەون ئەوەیە: خەون و خەونبینین، دیاردەیەکی باوی ژیانی ڕۆژانەمانە کە دەلالەت لە بەردەوامبوونی ئێمە دەکات. لێرەدا گرفتەکە لەوەدایە، ئێمە بە ڕاستی، لە زۆر لایەنی شاراوەی ئەو خەونانە، یان نازانین و بێ ئاگاین، یان کاتێک دەزانین و بەئاگاین، تێیان ناگەین (Freud, ١٩٠٨: ٥) .واتە، خەون درێژەپێدانی ڕووداوەکانی ژیانە.

ئەرستۆ، فەیلەسووفی یۆنانی دەربارەی خەون پێی وایە: مرۆڤ چ بە بێداری و چ لە خەودا، بۆ چرکە ساتێ لە بیرکردنەوەدا ناوەستێ. هانابردن بۆ جیهانی بێداری بە مەبەستی خەوبینین، ئامرازە نەک مەبەست بۆ تێگەیشتن لە ڕاستییەکاندا. (شەوڕۆ، ٢٠١٤: ١٦). واتە خەون بە درێژەپێدەری بیرکردنەوەکانی مرۆڤ دادەنێت. هەر لە سەرەتاوە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی خەون بوونی هەبووە، بەڵام سیگمۆند فرۆید، شیکردنەوەی دەروونی بۆ خەون کردووە و چەمک و بنەما و ڕەگەزی زانستی بۆ خەون داناوە. خەون

له قوتابخانەی فرۆیددا بریتییە: لە گوزارشتکردن لە ئارەزووی سەرکوتکراو، بەرهەمی بێئاگاییە و تاک دەیەوێت لە وێنەی خەوندا لەکاتی خەوتن بەتاڵی بکاتەوە. (دزەیی، ٢٠٢١:١٦٤). فرۆید لە کتێبی "لێکدانەوەی خەونەکان"دا دەڵێت: لێکدانەوەی خەونەکان ڕێگەیەکی توانستییە بۆ زانینی ئەوەی نەستە لە ژیانی دەروونیدا. (فرۆید، ١٩٥٩، : ٥٩١). واتە خەون لە ڕێگەی نەستەوە بەرهەم دێت. خەون ئامانجی هاتنەدیی ئارەزووە نەستییەکانە کە لە ڕابردوودا لە کەسەکەدا چەپێنراوە و چوونەتە کۆگەی نەستەوە؛ بەڵام خەون لە ئەدەب و بە تایبەتی لە شیعردا، خاوەنی چەندان ڕووکار و تایبەتمەندییە. لە لایەکەوە، بەشێکە لە ئەزموونی دەروونی شاعیر وەک پرد و پێوەندییەک، وایە لە نێوان ئاگایی و نائاگایدا. لە لایەکی دیکەوە، تەکنیکێکی هونەرییە، ڕێگە بە شاعیر دەدات جیهانبینی و تێڕوانینەکانی خۆی بە شێوەیەکی جیاواز بە زمانی ڕاستەوخۆ بخاتە ڕوو، ئەو شتانەی کە ڕەنگە لە فەزای واقیعدا نەتوانرێت بدرکێنرێن. لە هەمان کاتدا، خەون وەک میکانیزمێکی فەلسەفی، دەرگەی تێڕامانی قووڵ و هزری مێتافیزیکی دەکاتەوە و دەبێتە دەرچەیەک بەرەو جیهانی نادیار.

دەتوانین بڵێین: خەون لە شیعردا زیاتر لە شێوەی زیندەخەونە، کە خەوی بێداری یان داڵغەشی پێ دەگوترێت. زیندەخەون: دەربڕی ئەو حاڵەتەیە کە خەونبین لە دەرەوەی پرۆسەی خەوی سەر جێگە جۆرە خەونبینێک لە باوەشی دەگرێ، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دەوروبەری ژینگەی ڕاستەقینەی ئەو. (شەوڕۆ، ٢٠١٤: ٢٣). واتە، زیندەخەون جۆرێکە لە خەونبینینێکی خۆویستانە، لە ئەنجامی پەرتەوازەی دەروونی و بیر، ڕوو دەدات، خەونبینەر لە حاڵەتی ئاگاییدایە و نەخەوتووە، بەڵام بەردەوام لە ئەندێشە و خەیاڵدا دەژین و لە واقیع ڕادەکەن.

شیکردنەوەی فرۆید بۆ زیندەخەون ئەوەیە کە: مرۆڤ هێندێ جار توانای ئەوەی هەیە حەز و تاسە و ئاواتەکانی خۆی لە ساتەوەختی بێداریدا بهێنێتە دی، لە ڕێگەی زیندەخەوەوە. (الوردی،١٩٩٤: ١٠٢) واتە زیندەخەون: جۆرە توانایەکە بۆ ئامادەکردنی وێنەی جۆراوجۆر، عەقڵ فریو دەدات و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کەسایەتیی چیرۆک و جۆری هەستی هەڵبژاردنییەوە، لێرەدا خەیاڵیدان بە ویستە، بوارەکەشی نائاگاییە، مەرجیشی ئازادی و داهێنانە. (بەرزنجی و بەرزنجی، ٢٠٢٤: ٣٠٧). کەواتە زیندەخەون، بیرکردنەوەیە لە هیوا، ئاوات، بەرنامە و ئارەزووەکانی پێوەست بە داهاتوو، هەروەها هێنانەبەرچاوی یادەوەرییەکان و دووبارە گەڕانەوەیە بۆ ئەزموونی ڕابردوو و بیرکردنەوە لە دەرئەنجامە جیاوازەکاندا. هەر بۆیە نووسەران و شاعیران منداڵ یان هەرزەکار ئەو بڕوایەی لا دروست دەبێت کە ژیانی واقیعی زۆر زەحمەت و دژوارە و ناتوانێ حەزو و ویست و ئارەزووەکانی تێدا بهێنێتە دی، بۆیە بە ناچاری پەنا بۆ زیندەخەو و خەیاڵی خۆش دەبات و هەوڵ دەدات لە ڕێگەیانەوە حەز و ئارەزووە تێرنەکراوەکانی ژیانی واقیعی تێر بکات، لە لایەکی تریشەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە خەون و خەیاڵ زۆر ئاسانترە. (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٤٨٣-٤٨٤). کەواتە خەون سەرچاوەی نەستە و ڕێگەیەکە بۆ دوواندن و دەرکەوتنی نەست.

سیگمۆند فرۆید، کەسایەتیی مرۆڤی بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش کردووە، کە بریتین لە ئید (ئەو)، ئیگۆ (من) و سوپەرئیگۆ (منی باڵا). ئەم سێ بەشە پێکەوە وەک زنجیرەیەک وان. (ئید) بەشی سەرەتایی و غەریزەی کەسایەتیی مرۆڤە، کە لە کاتی لەدایکبووندا لەگەڵ مرۆڤدا هەیە. بەپێی بنەمای چێژ کار دەکات. (ئیگۆ)ش بەشی هەستی کەسایەتیی مرۆڤە، پێوەندیی نێوان خودی مرۆڤ و جیهانی دەرەوە بەڕێوە دەبات،

بەپێی بنەمای واقیع کار دەکات، ڕۆڵی نێوەندگیری دەبینێت لە نێوان ئید و سوپەرئیگۆدا.

سوپەرئیگۆش بەشی ئەخلاقی و کەسایەتیی مرۆڤە، کە لە ڕێگەی پەروەردەکردن و کاریگەریی کۆمەڵایەتی و کولتووریەوە دروست دەبێت. چاودێری ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکات و بڕیار لەسەر دروستی و نادروستییان دەدات. هەر بۆیە ئەم دۆخە لە ڕەفتاری مرۆڤدا دەبێتە هۆی ململانێی لە نێوان "ئەو" و "منی باڵا"دا، لە ئاکامدا وا لە "من" دەکات کە زۆرێک لە ڕەفتارەکان خەفە بکات. (سەعدوون، ٢٠٢٢: ٣٥٦) کەواتە سوپەرئیگۆ فەرمان بە ئیگۆ دەکات ڕەفتاری جوان بنوێنێت و ئەوەی ڕێگە پێنەدراویشە لە نەستدا دەمێنێتەوە. ئەگەر هاوسەنگیی لەنێوان ئید و سوپەرئیگۆدا نەبێت، دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و ڕەشبینی، هتد... بەمەش شتە چەپێنراوەکان لە نەستدا دەمێننەوە و بە ڕێگەی جیاواز دەردەکەون. لە دەروونشیکاریی ئەدەبدا، خەون دەرخەری ئارەزووە شاراوەکانی، ترس و نیگەرانی و هەستە قووڵەکانی شاعیرە، کە لەلای شاعیراندا لە ڕێگەی خەون و زیندەخەونی دەقی شیعرییەوە دەردەکەوێت.

**١-٤: پێوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونشیکاری**

پێوەندەیەکی بەهێز لەنێوان ئەدەب و دەروونشیکاریدا هەیە، ئەدەب وەک دیاردەیەکی دەروونی و ژیری ڕەنگدانەوەی ناخی ئەدیبان و هونەرمەندانە، هەڵقووڵاوی ناخ و دەروونە. ئەدەب هەرلە سەرەتاوە بابەتێکی دەروونییە، مرۆڤ سوود و چێژ لە بابەتە ئەدەبییەکان وەدەگرێت لەبەر ئەوەی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، ئەدەب هەڵگری هەست، نەست، سۆز و خەیاڵە ئەمانەش لە بوونی خۆیاندا پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان نووسەری دەق و خوێنەری دەق دروست دەکەن. (عیسا، ٢٠١٢: ٤) هەروەها شوکری عەزیز مازی، نووسەر و ڕەخنەگری لوبنانی، دەڵێت: ئەدەب ئاوێتەی عەقڵ و دەروونی نووسەرە یاخود وێنەیەکە لە وێنەکانی گوزارشت لە دەروون، بەڵام فرۆید وای دەبینێت ئەدەب و هونەر وێنەیەکی گیراوی پاڵنەرە خەفەکراوەکانی بێ ئاگایین. هەندێکی تر وای دەبینن کە دۆزینەوەی بێ ئاگایی یان عەقڵی ناوەکییە کە کۆمەڵە ناوێکن بۆ یەک ناولێنراو. (ماضی، ٢٠١٠: ١٧) کەواتە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ناخی نووسەرە، کە گوزارشت و ڕوانینی ئەدیبێک بۆ ئەدیبێکی تر جیاوازە.

هەروەها دکتۆر عادل گەرمیانی پێی وایە: هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی کەم تا زۆر خاوەن ڕەهەندێکی دەروونییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ باری دەروونی خاوەن بەرهەمەکە لە ئان و ساتی نووسینی دەقەکەیدا دەخاتە ڕوو. (ڕەسووڵ، ٢٠١٢: ٧٤).

دەقی ئەدەبی و کارە هونەرییەکان، لە دەروونەوە هەڵدەقووڵێن، وەک هێزێکی کاریگەر وان. کاتێک ئەدیبێک بیرۆکەیەکی بۆ دێت و هەست بە ئازاردەکات یان پەستە لە شتەکان و حەز دەکات بینوسێتەوە، کاتێک بیرۆکەکە لە شیعر یان لە هەر ژانرێکی تری ئەدەبی دادەڕێژێت وەک: ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ، هتد... ئەوا لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە ئارامی و خاڵیبوونەوەی دەروونی دەکات. واتە ئەم میتۆدە ڕێگەیەکە لەو ڕێگەیانەی، کە تاک بۆ دەروون و مەبەستی خۆی بەکاریان دێنێ، دەرچەیەکە بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکان و گوزارشتکردن لێیان، بەرهەم و دەقی ئەدەبی هەڵگری نەواخنێکی شاراوەیە، وەکوو خەون نائاگایی مرۆڤ لەخۆ گرتووە. (مەلازادە، ٢٠٢ :٢٥١) کەواتە بەرهەمی ئەدەبی جۆرێکە لە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ دەروونی دەقنووس، چونکە دەروونی مرۆڤ بەردەوام لە ململانێیەکی قووڵ و شاراوە دەژیت،

ململانێیەکە پێوەندی بە سروشتی ناخ و دەروونی مرۆڤەکان و ئاگایی و نائاگاییانەوە هەیە، بۆیە شتە کپکراوەکانی ناو دەروون لەنێو ئەدەب و هونەردا دووبارە خۆیان بەرجەست دەکەن و دەردەکەون، بەمەش ئارامییەک بە دەقنووس دەدات و هاوسەنگیەکی دەروونی بۆ دروست دەبێت (قادر، ٢٠٢٣: ٤٧). سانت بێڤ، شاعیر و ڕەخنەگری فەرەنسی، ڕەنگە یەکەم کەس بووبێت، گرنگی بە لێکدانەوەی دەروونی بۆ ئەدەب داوە، ویستوویەتی لە ڕێگەی کارەکانییەوە لێکدانەوە بۆ دەروونی نووسەر بکات، نهێنیەکانی ژیانیان بدۆزێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی داهێنان هەیە. (ئیبراهیم و عەبدولرەحمان، ٢٠٢١: ١٥١) پێوەندیی دەروونی نووسەر بە دەقەوە، دەستنیشانکردنی سیما و تایبەتمەندییەکانە، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ نزیکبوونەوەی ئەدەب لە دەرونناسیدا.

### ١-٥: دەروونشیکاری و سیگمۆند فرۆید

هەر لەسەرەتاوە زانستی دەروونزانی، دەروونناسی و گرنگی دان بە دەروونی مرۆڤبوونی هەبووە و لەلایەن زانایانەوە کاری لەسەر کراوە، ڕەهەندی دەروونی بەردەوام لەناو دەقە ئەدەبیەکانیشدا وەک ترس، شەرم، سێکس، هەستی خۆبەکەمزانین، ڕەشبینی، نامۆیی و هتد... بەدی دەکرێت. ئەوەی میتۆدی دەروونیی لە ئەدەبدا چەسپاند و کردی بەقوتانخانەی دەروونشیکاری، لێکۆڵینەوەکانی سیگمۆند فرۆید، زانای نەمساوی بوو. دواتر چەندان زانای دیکەش لەو بوارەدا کاریان کردووە، کە گرنگترینیان "کارل گۆستاف یۆنگ" و "ئەدلەر" بوون، کە قوتابی فرۆید بوون و بەردەوامیان بەم قوتانخانەیەدا (قەطوس، ٢٠١١: ٣٤). دواتر فرۆید لێکۆڵینەوەکانی خۆی چڕکردەوە لەسەر دەروونشیکاری و بەردەوام بەڵگەی دەدۆزییەوە بۆ بیروبۆچوونەکانی خۆی تا ئەوکاتەی ناوچەیەکی جیاکردەوە لە مرۆڤدا و ناوی نا "نەست" و بەتەواوی لە هەست جیایکردەوە، هەروەها زیاتر کاری لەسەر ئەفسانە و چیرۆک و بەسەرهاتە کۆنەکان کرد بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی دەروونی و سایکۆلۆژی لەم ڕووداوانەدا وەک لێکۆڵینەوە لە ئەفسانەی "ئۆدیب"ی سۆفۆکلیسی یۆنانی و "هاملت"ی شەکسپیر و "برایانی کارامازۆف"ی دۆستۆیڤسکی کرد.

لە بواری دەروونشیکاریدا، بە تایبەتی لە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا، نووسەر پێگەیەکی ناوەندی گرنگ داگیر دەکات، لەگەڵ دامەزراندنی ئەم تیۆرە لەلایان فرۆیدەوە گرنگیدان بە پێوەندیی نێوان نووسەران و دەقەکانیان و ڕاڤەکردنی ئەدەب لە ڕووی دەروونشیکارییەوە بایەخی پێ دراوە. بەمەش دوای بڵاوبوونەوەی تیۆریی فرۆید و کۆمەڵە زاراوەیەکی نوێ، کە وای لە ئەدیب و ڕۆمانسییەکان کرد، زیاتر قووڵ ببنەوە لە دەرخستنی لایەنی واقیعی سایکۆلۆژیای مرۆڤ و گرنگیان بەمیتۆدی دەروونشیکاری داو سوودیان لەم بوارە وەرگرت بۆ کارە ئەدەبییەکانیان(ئیسماعیل و خلیل، ١٩٨١: ٧٦). واتە دەروونشیکاری گرنگی بە خودی نووسەر و ژیانی نووسەر دەدات، نووسەر دەبێتە چەقی کارەکە و لێکدانەوەی دەقەکانی پێ دەکات. قوتابخانەی دەروونشیکاری فرۆید بناغە و ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ زانایان و لێکۆڵەرانی دوای خۆی، وەک: ئەدلەر، یۆنگ، سولیفان، هۆرنای، فرۆم و لاکان، هتد... کاریان لەسەر دەروونشیکاری کردووە. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر فرۆید دەکەینەوە.

فرۆید لەماوەی ساڵانی ١٩٨٥-١٩٠٠ کۆمەڵێک چەمکی نوێی داهێنا کە دواتر لەگەڵ تیۆری دەروونشیکاریدا ئاوێتەیکردن، ئەوانیش(وزەی لیبدۆ و قۆناغەکانی گەشەی سێکسی و گرێی ئۆدیب و هەست و نەست و چەپاندن و گرێی هەستکردن بەکەمیکردن و ململانێی دەروونی و... هتد، کە

گرنگترینیان ئاستی نەست و خەون بوو کە بە خاڵی وەچەرخانی کارەکانی فرۆید دادەنرێت. پێی وا بوو هەموو شتە چەپێنراوەکانی مرۆڤ دەچێتە نەست و لە ڕێگەی خەون و داهێنانی ئەدەبی و هونەرییەوە دەردەکەون. (فرۆید، ٢٠٠٣: ١٤-١٧) لە لایەکی ترەوە، فرۆید گرنگی بە گرێی "هەستکردن بە کەمکردن"یشیەوە و پێی وایە لە بنەڕەتدا دوودڵی و ترس و ناڕەحەتیی تاک، هەستکردنە بە کەمی، ئەمەش لە ئەنجامی هەست کردن بە ناتەواوی و لاوازی سستی چالاکی ئەندامەکانی زاوزێوەیە و تاک تووشی خەم و خەفەت و ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، تاک هەوڵ دەدات ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لەخۆیدا دوور بخاتەوە، بەڵام لە نەستدا بە سەرکوتکراوی دەمێنێتەوە و هەستکردن بەکەمی دەبێتە گرێ. (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩: ٢٥٤) فرۆید گرێی هەستکردن بە کەمی، زیاتر بە لایەنی سێکسی دەبەستێتەوە. پێی وایە، هەبوونی گرفت لەم لایەنەی مرۆڤەوە لە هەمان کاتدا لای مرۆڤ دوودڵی و خەمباری دووچاری دروستبوونی گرێی هەست بەکەمکردن دەکات. فرۆید هەوڵێکی یەکجار نوێی دا بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتی و دەروونی مرۆڤ، بۆیە چەندان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی دەروونییەوە ئەنجام داوە گرنگترینیان "لێکدانەوەی خەونەکان -١٩٠٠" بوو.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکە

### ٢-١: ناساندنی جەلال بەرزنجی

جەلال بەرزنجی، شاعیر و نووسەری هاوچەرخی کورد، لە ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر لە دایک بووە، لە سەرەتای حەفتاکانەوە بەرهەمی ئەدەبی دەنووسێت. جەلال بەرزنجی یەکێکە لە شاعیرانی تاراوگە، کە لە ڕابردوودا بەهۆی شەڕ و کێشە و ململانێی نێوان حزبە کوردییەکانەوە ناچار دەبێت کوردستان جێ بهێڵێت و تاراوگەی وڵاتی کەنەدا ببێت. شاعیر خۆی دەڵێت: لەبەر ئەوەی ساڵی ١٩٩٦ شەڕی کورد و کورد، کوردستانی تاریک داهێنا، بەجێم هێشت، چارەنووسی خۆم دایە دەست قاچاخچییان. دوای بڕینی سنووری ئاوی و عاردیی وڵات و کیشوەران، خۆم لە تاراوگە لە کەنەدا بینییەوە. (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٦). واتە شاعیر ناچار دەبێت، نیشتمان و زێدی خۆی جێ بهێڵێت و تاراوگە ببێت و تاوەکوو ئێستاش لە کەنەدا نیشتەجێیە.

### ٢-٢: دووانەی تاراوگە و خەون لە شیعرەکانی جەلال بەرزنجی دا

خەون سەرچاوەیەکی گرنگی خەیاڵ و داهێنانە، خەون لە شیعردا جیهانێک دروست دەکات کە سنوورەکانی واقیع تێک دەشکێنێت. شاعیران لە ڕێگەی خەونەوە داهێنان لە شیعردا دەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرهەمهێنانی شیعری پڕ لە وێنە و واتای قووڵدا.

شاعیر لە کۆپلە شیعرێکی "لەمدیو زەریاش خۆر لە بەلەمەکەی من هەڵنەهات" دەڵێت:

**ئەم جارە لەم دیوی زەریاوە،**

**بەخۆم و بەختی بەجێماو لە کۆڵانەکانی منداڵی**

**شۆڕشی شاردراوەی بن بەردان،**

**کەڵوی گیربوو لە گەردوون،**

**خەونی نەهاتووەدیی ناو قۆزاخە،**

**مێزی ساردبووەوەی ئاشتی،**

**ساتەکانی دوای تەمەن و**

**شەوی لەشە ڕیزپەڕەکانمی جێ هێشت.**

**گەڕامەوە ڕۆژهەڵات** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٥٤).

شاعیر لەم دەقەدا گوزارشت لە گەڕانەوە دەکات، گەڕانەوەوەیەک بۆ سەرچاوە و ڕەگ و ڕیشەی خۆی بۆ نیشتمان. ئاماژە بە ئەزموونی تاڵی دوورکەوتنەوەی لە نیشتمان و هیوای گەڕانەوەی بۆ زێدی بە شێوەی بێداریی بۆ ژیان و شوێنی منداڵی خۆی دەردەبڕێت.دواتر باس لە تەنیایی خۆی دەکات و کە بەشێکی خۆی لە نیشتماندا جێ هێشتووە ئەویش یادەوەری منداڵی و کۆڵانەکانی منداڵییە لێی دابڕاوە.

دواتر ئاماژە بە شۆڕشی شاردراوەی بنەردان و خەونی نەهاتووەدی و مێژی ساردبووەوەی ئاشتی کردووە، کە مەبەستی خەباتی نەهێشتنی شاخ و تێکۆشانی لە پێناو نیشتمانە، ئاشتی دەبێت گەرموگوڕ بێت تا بگەن بە ئامانج، بەڵام کە ئاشتی بەرقەرار نەبێت مێژەکە ساردوسڕ دەبێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردە. خەونی نەهاتووەدی نیشانەی ئەو ئاواتانەی شاعیرە کە هێشتا نەهاتووەتە دی و چاوەڕوانە. واتە خەونی شاعیریش نەهاتووەتە دی، لە کۆتاییەکانی تەمەنی شاعیر دەگەڕێتەوە نیشتمان، بەڵام ڕەوانبێژییەکی بەکار هێناوە، ناڵێت گەڕامەوە نیشتمان، دەڵێت: گەڕامەوە ڕۆژهەڵات. فرۆید پێی وایە گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشە، مەیلێکی سروشتیی مرۆڤە. واتە شاعیر لەو دیوی زەریا لە ڕۆژئاوا هەست بە نامۆیی دەکات، هەستی نۆستالژی دایگرتووە و ئاواتی ئەوەیە بگەڕێتەوە نیشتمان.

بەرزنجی لە شیعری "تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوابوون"دا دەڵێت:

**لە پاقژ گەڕا من و تەنیایی**

**بە یەک گۆچان چووینەوە ماڵەوە،**

**دوای ئێمەش خەون هاتەوە بۆ خەڵەتاندن.**

**گەنم ئارەزووی جوانتر کرد**

**ماچ لە دەم ڕێگەکان ڕووان،**

**دەریاش بەئەسپایی چووەوە ناو گۆزە.**

**لە پاقژگە ئاسمان چەترە و زەوی میهرەبان.**

**لە پاقژگە دار کەرەکان ئێواران زوو دەگەڕێنەوە.**

**خەون (خشوونەتی) خۆی دەشارێتەوە.**

**شەو خەونەکان نائومێدن.**

**کۆترەکان ناگەڕێنەوە تاق پەنجەران.**

**تازە درەنگە لە سەیرکردنی خۆرئاوابوون.**

**درەنگە بۆ خیوەتهەڵدان.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٧٢).

شاعیر لەم دەقەدا، گوزارشت لە حاڵەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات، کە وەک کەسێکی تاراوگەنشین لە نێوان دوو جیهاندا ژیان بەسەر دەبات؛ جیهانی یادەوەریی نیشتمان و جیهانی ئێستە، کە غوربەتە. شاعیر لە ڕێگەی خەون و وێنەی شیعرییەوە، ئەو پێوەندییە ئاڵۆزەی لە تاراوگە لە نێوان حەسرەت و نائومێدی نیشان دەدات. وێنەیەکی تەنیایی و غوربەتی کێشاوە. "پاقژ" وەک شوێنێکی پاک و پیرۆز، ئاماژەیە بۆ یادەوەریی نیشتمان، کە ڕەنگە بۆ کەسی تاراوگەنشین نیشتمان شوێنێکی ئایینی و کولتوورییە. "چووینەوە بۆ ماڵەوە" لێرەدا ئەم ڕستەیە باس لە حەسرەتی قووڵی مرۆڤ دەکات لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی. بەڵام گەڕانەوەیەکی پڕ لە ئاسوودەیی و سروشتی نییە، چونکە شاعیر لێرەدا دەستەواژەی (یەک گۆچان)ی هێناوە کە گۆچان هێمایە بۆ پشتیوانی شاعیر بەڵام پشتیوانییەکی لاواز، کە ئەمەش نیشانەی بێدەسەڵاتی و نائومێدییە، وەک ئەوەی شاعیر بڵێت هەمووومان خەونی گەڕانەوەمان هەیە، چونکە بە کۆ

قسە دەکات، بەڵام تاراوگە "هەموومان"ی ماندوو و نائومێد کرد.

خەون لە دەقەکەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. وەک هێمای هیوا، بەڵام هاوکات خەڵەتێنەر و نائومێد. ئەمە ئاماژەیە بۆ دووفاقیی ژیانی تاراوگەیی؛ هیوایەک کە بەردەوام دەشکێت و یادەوەرییەک کە تێکەڵ بەکەسەر دەبێت. فرۆید پێی وایە، خەون میکانیزمێکی دەروونییە بۆ خۆفریودان، واتە مێشک لە ڕێگەی خەونەوە ئارەزووە قەدەغەکراوەکان بە شێوەیەکی ڕەمزی دەردەبڕێت، ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خەون (خشوونەت/توندوتیژی) خۆی لە پشت هێما و ڕەمزەکانەوە دەشارێتەوە. شاعیر ئاماژە بەوە دەکات، خەون وادەکات ئارەزووەکانی بهێنێتە دی، بەڵام لە جیهانی واقیعدا ئەم خەونە ڕاست نییە و نایەتەدی شاعیر بەرەو بێ هیوای و نائومێدی دەبات. دووفاقی خۆی دەشارێتەوە و ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەو توندوتیژییەی لە نیشتماندارووویداوە، بەڵام ئەو لە ڕێگەی خەونە دەیشارێتەوە بە شێوەی ڕەمز دەری دەبڕێت، ئەمە دۆخی نائومێدی کەسی تاراوگەنشین بە ڕوونی دەردەخات کە تەنانەت لەخەونیشدا ناتوانێت ئاسوودەیی تەواو بدۆزێتەوە.

دواتر شاعیر باس لە گونجاندنی شتێکی گەورە "دەریا" لە ناو شتێکی بچووکدا کە "گۆزە"یە دەکات. ئەمە باس لە "گونجاندن" دەکات. ئاماژەیە بۆ هەڵگرتنی نیشتمانێکی گەورە لە یادەوەری و دڵی تاراوگەنشیندا، بەڵام ئێستە هەمووی لە گۆزەیەکدا کۆکراوەتەوە کە مەبەستی ژیانی سنوورداری تاراوگەیە. هاوکات شاعیر پێمان دەڵێت، ئاسمان و زەوی لە نیشتماندا جیاوازن (میهرەبانن)، بەڵام لێرەدا واتە لە تاراوگەدا ئەم میهرەبانییە بوونی نییە.

شاعیر باس لە درەنگبوونی کات دەکات. ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ نیشتمان شتێکی مەحاڵە. ئەمە گوزارشتە لە هەستی پەشیمانی و لەدەستدانی دەرفەت. بۆیە دەڵێت: تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوابوون، ئاماژەیە بۆ ئەو تەمەن و ژیانەی کە لە تاراوگەدا تێ پەڕیوە.

شاعیر پەنا بۆ خەون دەبات بۆ ئەوەی باس لە نیشتمان و تەنیایی و دەروون و نائومێد بوون و نامۆیی خۆی بکات، کە لە تاراوگەدا بەسەری دەبات. بەمەش سنوورەکانی نێوان خەون و ڕاستی تێکەڵ دەکات. لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، ئەمە گرنگە چونکە فرۆید پێی وایە هەم خەون و هەم زیندەخەون لە بنەڕەتدا دەربڕی هەمان سەرچاوەی نەستین – واتە ئارەزووە سەرکوتکراوەکان کە لە ڕێگەی جیاوازەوە خۆیان دەردەخەن.

شاعیر لە قەسیدەیەکدا بە ناونیشانی "دواپەنا" دەڵێت:

**ئەوشەو بوو ئەو بەڵێنەی بە خودامان دابوو**

**بردمانە ژێر گڵ،**

**ئەوشەو بوو جێگای خەیاڵمان کردەوە.**

**ئەوشەو بوو مەستی دەریامان گێڕایەوە ناو گۆزەکان.**

**ئەوشەو بوو بۆ دەور کردنەوەی عیرفان چاوەڕوانی بەیانی بووم.**

**ئەوشەو بوو خەونم بە ڕۆژێکی هەتاو لە بەفرانبار دەبینی.**

**ئەوشەو بوو لەگەڵ ئاشتی گەڕاینەوە ناو تریفەی**

**ڕژاوی مانگ لە قەدپاڵ.**

**بۆ بەیانی خۆرهەڵاتمان بۆ ڕۆژێکی سارد جێ هێشت.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٨٠).

شاعیر لەم دەقەدا چەمکی "ئەوشەو"ی بەکار هێناوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گێڕانەوەی ژیان و دەروونی

شاعیر بە شێوەی زیندەخەو. ئەم تەکنیکە بۆ دروستکردنی کەشێکی نۆستالژی و گێڕانەوەی چیرۆکێکی بەردەوام بەکارهاتووە. شیعرەکە گوزارشت لە هەستی دابڕان و دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمانی شاعیر دەکات. لە دێڕی یەکەمدا باس لە پەیمانێک دەکات کە پێشتر دراوە و ئێستە ژێر گڵ کراوە، نەهاتووەتە دی. شاعیر باس لە مردنی بەڵێن یان ئومێدێک دەکات، کە ڕەنگە پێوەندی بە ئازادی و خۆشگوزەرانی و کۆتاییهاتنی شەڕ بووبێت، بەڵام ئەو بەڵێنە جێبەجێ نەکراوە و مردووە و چووەتە ژێر گڵ، ئەمەش لە ڕوانگەی فرۆیدەوە: ژێر گڵ ئاماژەیە بۆ سەرکوتکردنی خواستەکان لە نەستدا (Freud,١٩٢٦: ٨٩). کە بوویتە قوربانیی تاراوگە. شاعیر، پەنای بۆ زیندەخەون و خەیاڵ دەبات، کە زۆر جار لە شیعرەکانی تاراوگەدا دەبینرێت. خەیاڵ وەک شوێنێک وێنا دەکات کە دەکرێ لەوێدا بژیت، واتە بە خەیاڵ لە نیشتماندایە. لەم شیعرەدا، خەون و خەیاڵ وەک میکانیزمێکی دەروونی بۆ ڕزگاربوون لە کێشە و نەهامەتی واقیع بەکارهاتووە. نیشانەی دابڕانی خواستە نەستییەکان و هەوڵدانە بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی ئارامی دەروونی پێش تاراوگە دەردەخات. ئەمەش لای فرۆید گرنگە.

لێرەدا "دەریا" هێمای ئازادی و بێسنوورییە، "گۆزە"ش هێمای سنووردارێتی و بچووکییە. لێرەدا ڕەنگە شاعیر مەبەستی هەوڵدانە بۆ پاراستنی شتێکی گەورەیە، کە "کولتوور، زمان، ناسنامە"یە لە شوێنێکی بچووکدا، کە تاراوگەیە، چونکە، شاعیر دوای ئەوەی تاراوگەی شوێن و زەمینەیەکی دیکە دەبێت، دووچاری کێشەی زمان و کولتوور و ناسنامە دەبێتەوە، هەست بە نامۆبوون دەکات بەهۆی شوێنە نوێیەکەی، بەڵام دیارە شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات کە لە هەوڵی پاراستنی زمان و کولتوور و ناسنامەی خۆیەتی.

بەفرانبار مەبەستی وەرزی سەرمایە، بەڵام شاعیر خەون بە هەتاو دەبینێت. ئەمە هێمایەکە بۆ دژیەک لە نێوان سەرما و گەرما، هیوا لە ناو نائومێدی، ڕووناکی لە ناو تاریکی. شاعیر لە نا ئومێدیا، ئومێد دەبێت. واتە شاعیر لە تاراوگەوە خەون بە نیشتمان و زێدەوە دەبینێت. هیواو ئاواتی ئەوەیە بگەڕێتەوە، بەڵام هیچ ئومێدێکی بە نیشتمان نەماوە. شاعیر هیواخوازە بۆ ئاشتی و پەیامی ئاشتی و گۆڕان بە بارودۆخی ناو نیشتمان دەخوازێت. ئاشتی لە ڕوانگەی فرۆیدەوە: وەک هێمای هاوسەنگی نێوان ئید و سوپەرئیگۆ سەیر دەکرێت. (Freud,١٩٣٠: ١٢١) چونکە سوپەرئیگۆ، کاری سەرەکیی فرماندانە بە کارە ڕاست و باشەکانی مرۆڤە لە ناو کۆمەڵگەدا. دواتر شاعیر لە دێڕی کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکات کە شیعرەکە لە خەونێکی گەرم دەست پێ دەکات و بە ساردییەکی ڕاستەقینە کۆتایی دێت. لە خەوندا هیوا و ئومێدی بەنیشتمان هەیە، بەڵام بەیانی و جێ هێشتن ئەم هیوایە دەشکێنێت و نامێنێت و دێتەوە ناو واقیع.

بەرزنجی لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**لە ڕێبەندا لە پەنا خەونێکدا پێکەوە ئاگرمان کردەوەو،**

**لە شاعیرێک دەگەڕام پێش من منداڵی خۆی دۆزیبێتەوە**

**دەمزانی خەیاڵم بەرەو ژوورەوەیە،**

**ئێوارەش بەردەوامە لە هێنانی ئاوابوون،**

**شوێنێکی ئارام نییە بۆ تەماشا**

**بۆ کردنەوەی خونچەی حیکمەت**

**بمانباتە پیاسەیەکی گەڵ ئاشتی،**

**لای ئەو بەلەمەی هێشتا ڕاوی پێ نەکراوە.**
(بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٨١).

شاعیر لەم دەقەدا بەشێوەی زیندەخەون چووەتەوە شوێنی منداڵیی خۆی. (لە ڕێبەندا لە پەنا خەونێکدا پێکەوە ئاگرمان کردەوە) زستان لێرەدا هێمایە بۆ ئەو سەرما ڕۆحییەی شاعیر لە غوربەتدا ئەزموونی دەکات، لە کاتێکدا (ئاگر) وەک ئامرازێکی بەدیل بۆ گەرمکردنەوە دەردەکەوێت، بەڵام ئاگری خەونێکە نەک واقیع، ئەم ڕستەیە ڕەنگدانەوەی گەڕانەوەی شاعیرە بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و سەلامەتی لە فەزایەکی خەیاڵییدا، خەون لەم دەقەدا وەک میکانیزمێکی بەرگری دەردەکەوێت، کە شاعیر پەنای بۆ دەبات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی خۆی، بەڵام واقیع لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی خۆرئاوابوونەکانەوە خۆی دەسەپێنێت، بەو پێیەی ( ئێوارە بەردەوامە لە هێنانی خۆرئاوابوون)، ئاماژەیە بۆ چەقبەستوویی کاتی و دەروونی ئەزموونی تاراوگە لای شاعیر.

هەروەها گەڕان بەدوای شاعیرێکدا کە پێش ئەو توانیبێتی منداڵی خۆی بدۆزێتەوە، ئەم دێڕە نیشانەی حەسرەتی شاعیرە بۆ گەڕانەوە بۆ قۆناغی منداڵی و ڕەگی خۆی، کە فرۆید بە قۆناغێکی گرنگ لە پێکهاتنی کەسایەتیی مرۆڤ دادەنێت. لە دێری سێیەم و چوارەمدا: بەرجەستەکردنی ململانێی نێوان ئیگۆ (خەیاڵی بەرەو ژوورەوە) و ئیدە (ئێوارەش بەردەوام لە ئاوابوون). لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، ئیگۆ بەردەوام هەوڵی کۆنترۆڵی ئارەزووە سەرەتاییەکانی ئید دەدات، بەڵام شکستیش دێنێت. (نوری، ٢٠٢٣ :١٦) لێرەدا ئێوارە و ئاوابوون بەردەوامە لە کۆتاییهێنان و تاریکبوون. ئەمەش جەختکردنەوەیە لە ململانێی نێوان هیوا و نائومێدی لە ژیانی تاراوگەدا. دواتر شاعیر دەڵێت شوێنێکی ئارام نییە بۆ تەماشا بۆ کردنەوەی خونچەی حیکمەت لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە تاراوگە وەک شوێنی گونجاو لەبار نییە بۆ گەشەکردنی هۆشیاری یان جوانی ڕاستەقینە.

حیکمەت لە ژینگەو فەزای نائارامدا چرۆناکات؛ بەڵکوو پێویستی بە ژینگەیەکی دەروونی ئارام و لەبار هەیە.

ئارەزووی پیاسەکردن لەگەڵ ئاشتیشدا، ڕەنگدانەوەی حەسرەتی شاعیرە بۆ حاڵەتێکی سەقامگیری دەروونی و ڕۆحی کە لە تاراوگەدا لەدەستچووە، هێمایە بۆ دڵنیایی و ئارامی دەروونی، بەڵام شاعیر ئەمەی پێوەست کردووە بە بەلەمێکەوە کە هێشتا ڕاوی پێنە کراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئارەزوو و خەونێکی بەدەستنەهاتوو، بە جۆرێک کە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. واتە تاراوگە وەک هەستێکی دەروونی، کۆمەڵێک یادەوەری لای شاعیر دروست کردووە، کە خەونی ڕۆژانە و گەڕانەوە بۆ منداڵی، وەک میکانیزمەکانی دەربڕینی ئارەزووە سەرکوتکراوەکان دەردەکەون.

دواتر شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێت:

**ئەم ئێوارەیە چووینەوە لای کارمامزەکانی قەرەچووغ**

**پێش بە عەرەبکردنیان.**

**کەروێشکەکانی گەرمیان پێش ئەنفال،**

**هەمان ڕۆژ بوو لە پەنا تاراوگە کەمڕا،**

**چوومەوە ئەو دەمانەی هەمیشە بە پێکی زانیاری**

**مەست دەبووم.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣: ١٨٣).

ئەم دەقە بەشێوەی زیندەخەون، شاعیر ئاماژە بە ئارەزووە سەرکوتکراوەکان، ترسەکان و یادەوەرییە قووڵەکان بە شێوازێکی هێمایی دەکات. لە دوو دێری یەکەمدا: دەلالەت لە گەڕانەوە بە شێوەی خەون دەکات. گەڕاینەوە بۆ شوێنێک، کە چیتر لە واقیعدا بوونی نییە. شاعیر لە نائاگاییدا گەشت دەکات بۆ ئەو شوێنانەی کە لە ئاگایی ڕۆژانەدا دەستی ناگاتێ. یادی شوێنە سروشتییەکانی کوردستان دەکاتەوە،

بەتایبەت کارمامزەکانی قەرەچووغ و کەروێشکەکانی گەرمیان. ئەم یادەوەرییانە دەبنە هێمای زیندوویەتیی کولتوور و سروشتی نیشتمان لە ناو بیرەوەریی کەسێکی دوورخراوەدا. دەربڕینەکانی پێش بەعەرەبکردنیان و پێش ئەنفال، ئاماژەن بۆ دوو پرۆسەی دەستکاریکردنی دیمۆگرافی و جینۆسایدی گەلی کوردن، شاعیر لە خەونەکەیدا هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش ئەو کارەساتانە. ئەو گەشتە بێدارییە، بەپێی تیۆری فرۆید، هەوڵێکە بۆ گەڕانەوەی بۆ هاوسەنگی دەروونی و چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێیی.

شاعیر لە تاراوگەدا لە نێوان دوو کاتدا دەژی: کاتی ئێستە (تاراوگە) و کاتی ڕابردوو (نیشتمان پێش وێرانکردن). دەربڕینی هەمان ڕۆژ بوو لە پەنا تاراوگە کەمرا ئەم دابڕانە کاتییە دەردەخات.

چوومەوە ئەو دەمانەی هەمیشە بە پێکی زانیاری مەست دەبووم. لێردا شاعیر باس لە گەڕانەوەی دەروونی یان ڕەمزی بۆ شوێن و کاتێکی دیاریکراو دەکات، پێش ئەوەی دەستکاری کولتوور یان ناسنامە بکرێت( بەعەرەبکردنیان)، ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی بنەچە یان شوناس و کولتوور. ئەمە تایبەتمەندی دوورخراوەیە کە لە نیشتمان دابڕاوە، بەڵام لە ڕێگەی زانیاری و بیرکردنەوەوە پێوەندی لەگەڵ نیشتمان دەپارێزێت. تەواوی دەقەکە کەشێکی نۆستالژی و گەڕانەوەیە بۆ نیشتمان، کە تێیدا جوانی ڕابردوو بەرانبەر ئازاری ئێستای تاراوگە و لەدەستدانی نیشتمان دادەنێت.

شاعیر لە کۆپلەیەکی دیکەدا دەڵێت:

**لێرە منداڵیم وەک کاریلە دەچێتەوە ناو کۆڵانەکانی خەیاڵ**

**دەچێتەوە ناو تەماشای ئاگری ئەشقیایان لە چیاکان.**

**دەزانم چۆن بەختمان ماڵە و ماڵ دەکات**

**بۆ گەیشتن بە مەبەست.** (بەرزنجی، ٢٠٢٣ :١٨٧).

شیعرەکە پڕە لە هەستی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و منداڵی و هەستی ئاوارەیی و دووری لە نیشتمان و ڕەگی خۆی، کە ئێستە تەنیا لە خەون دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆی. شاعیر لە دوو دێری یەکەمدا منداڵی خۆی بە کاریلە دەچوێنێت، کە ئاماژەیە بۆ بێ گوناهی و سادەیی و جوانی و بە خەون و خەیاڵ دەچێتەوە ناو کۆڵانەکانی نیشتمان و شوێنی منداڵی، منداڵی بەشێکی زیندووی ڕۆحی شاعیرە و بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆی. دواتر سەفەرە خەیاڵییەکەی قووڵتر دەبێتەوە و وشەی ئەشقیانی بەکار هێناوە، کە ئاماژەیە بۆ یاخیببووانی چەکداران. ئاگری ئەشقیان هێمایە، ڕەنگە مەبەستی بێت بۆ بزووتنەوەی ئازادی خوازانی کورد لە چیاکان و یاخیبووان بەرانبەر بە زوڵم و ستەم و گەرموگوڕی خەبات و خۆڕاگری. واتە منداڵی شاعیر دەگەڕێتەوە ڕابردوو و ئەو ئاگرە دەبینێت و پێوەندی پێوە دەکات.

گەڕانەوەی شاعیر بۆ نیشتمان لە ڕێگەی خەونەوە، میکانیزمێکی سەرکوتکردنە، کە ناخۆشییەک دەگۆڕێت بۆ کارێکی داهێنەرانە. لە دێڕی، دەزانم چۆن بەختمان ماڵە و ماڵ دەکات ئاماژەیە بۆ گۆڕانی بەردەوامی چارەنووس و ئاوارەبوون کە چارەنووس ئێمە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازێتەوە، بەبێ ئەوەی کۆنترۆڵی تەواومان بەسەردا بێت. لە دێڕی کۆتایی، بۆ گەیشتن بە مەبەست، دەکرێت ئاماژەیەک بێت بۆ هیوای گەڕانەوە یان گەیشتن بە ئامانجێک، دەشێت ئازادی یان گەیشتنەوە بە نیشتمان بێت.

## ئەنجام:

١-شاعیر بۆ وێناکردنی دۆخی نامۆبوونی دەروونی و حەسرەتی بەردەوامی مرۆڤ لەگەڕانەوە بۆ منداڵی و نیشتمان، هێما دووبارەبووەکانی وەک: "خەون، پاقژگە، کۆتر..." بەکار دەهێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەهەندێکی دەروونیی قووڵە کە پێوەستە بە تیۆریی لێکدانەوەی خەونەکانی فرۆیدەوە.

٢-خەونەکان لە شیعری جەلال بەرزنجیدا پانتاییەکی بەرچاویان وەک میکانیزمێکی بەرگریی دەروونی داگیر کردووە، کە یارمەتیی شاعیریان داوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو واقیعە نوێیەی لە تاراوگەدا ڕووبەڕووی بووەتەوە.

٣-یەکێک لە کەرەستەکانی دارشتنی "نەستی"ی شاعیران لە شیعردا، بریتییە لە خەون. شیعرە تاراوگەییەکانی جەلال بەرزنجی نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم دیاردەیەیە، لە کۆیی دەقە شیعرییەکانی تاراوگەی ئەم شاعیرەدا، پێنج دەقی شیعری کە لە نێوان سالانی ١٩٩١-٢٠٠٣ نووسراون، چوار دەقیان ڕەنگدانەوەی خەونی تێدا بەدی دەکرێت، تەنیا دەقێک نەبێت، ئاماژە بە خەونی شاعیر ناکات. لەم دەقانەدا خەون دەبێتە کلیلی دەرگەی نەست و ناخی شاعیر، کە سیماکانی تاراوگەی بە ڕوونی تێدا دەردەکەوێت. ئەوانیش: نۆستالژیا، نۆستالژیای گەڕانەوەی سەردەمی منداڵی، نۆستالژیای گەڕانەوە بۆ نیشتمان و زێد، نامۆیی و هەستکردن بە بێئومێدی و هەوڵدان بۆ پاراستنتی ناسنامە و کولتوور. لە نێو ئەم سیمایانەدا، باوترینیان گەڕانەوەیە بۆ منداڵی و نیشتمان. ئەمەش بەهۆی ئەو ڕەگ و ڕیشە قووڵەی شاعیرە لە خاک و زێدی خۆی لە نیشتماندا، کە پاش تەمەنێکی درێژ و ئەزموونێکی قووڵ، بە ئاسانی ناکرێت لەیاد بکرێت.

٤-گەڕانەوەی شاعیر بۆ سەردەمی منداڵییش لە خەونەکانیدا دەرئەنجامی ئەو ئازادییەیە کە لە تاراوگەدا هەیەتی. ئەو ئازادییەی کە لە ڕابردوودا لێی زەوت کرابوو، ئێستە لە تاراوگەدا دۆزیویەتییەوە، کە هاوشێوەی ئازادیەکەی تەمەنی منداڵییەیەتی. بەم شێوەیە، خەون لە شیعری جەلال بەرزنجیدا دەبێتە وێستگەیەک بۆ گەڕانەوەی ڕۆحی بۆ ئەو شوێن و کاتانەی کە بەدەستەوەی نەماون، بەڵام لە خەیاڵ و نەستیدا هەمیشە زیندوون.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان:


الماضي، شکری عزیز(٢٠١٠) تیۆری ئەدەب وەرگێرانی لە عەرەبییەوە سەردار ئەحمەد گەردی چاپی یەکەم. هەولێر.

بەرزنجی، جەلال (٢٠٢٣) *لە سەمای بە فری ئێوارانەوە بۆ هەردەمەی لە شوێنێک هەمیشە لە ماڵەوە!* چاپی یەکەم .دەزگای فام.

بەرزنجی، جەلال (٢٠٢٤) *پێوەندی تیلیفۆنی دەربارەی تاراوگە.* هەولێر، لە٢٣-١٠-٢٠٢٤.

بەرزنجی، عەبدوڵلا تاهیربەرزنجی، عەلی تاهیر(٢٠٢٤) *کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە* .چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

دزەیی، عبدولواحید موشیر (٢٠٢١) *خوێندنەوەی دەروونی دەق* .چاپی یەکەم .هەولێر.

سەعدون، سامان عیزەدین(٢٠١٥) *دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی*

*دەروونناسییەوە* .چاپی یەکەم .سلێمانی: عەزەلنوس.

سەعید، سەدیق(٢٠١٥) خەونە بچووکەکانی ژنێک لە کۆمەڵە شیعری نەسیم دا. وەرگیراوە لە وێبسایتی www.emrro.com

سەعدوون، سامان عیزەدین (٢٠٢٢) *توێژینەوەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا* .چاپی یەکەم . سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

شریفیان، مهدی (١٣٨٦) رسی فرایند نوستالژیای دراشعار نادرپوور ".مولوی بژوهی.شمارە٦.

شەوڕۆ، فازیل (٢٠١٤) *ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا* .هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

ڕەسووڵ، هەڵمەت بایز(٢٠١٢) ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

عیسا، هاوژین صلیوە (٢٠١٢) *ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا* .کۆیە.

فروید، سیجموند (١٩٥٩) *تفسیر الاحلام* .مصطفی صفوان .قاهرة: دارالمعارف.

فرۆید، سیگمۆند (٢٠٠٣) *لێکدانەوەی خەونەکان* . وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئاوات ئەحمەد . سلێمانی. وەرگیراوە لە وێبسایتی: www.sardam.net,.

قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠٠٩) *سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار)* .چاپی یەکەم . سلێمانی: چاپخانەی پێوەند.

قەطوس، بەسام (٢٠١١) *دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ* .محمد تاتانی .چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

کامەران، کاوان (٢٠٢٢) دەروونشیکاری.وەرگیراوە لە وێبسایتی: https://zaniary.com/blog/٦١dd٦٨fd٨dv٥e

گرامی، ئەفرا سیاب (٢٠٢٤) *کینە ئەم پاوەرپۆینتی ناسنامە* .ژمارە٦٣: گۆڤاری تیشک گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی-سیاسییە.

مەهدی، ڕێڤین (٢٠٢٤) شوناسی نەتەوەیی و کوردانی تاراوگە: ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان چەند شوناسێک ".*دامەزراوەی ستراتیژی نیشتمان*.

محمەد، سوهام قادر(٢٠٢٣) نامۆبوون لە شیعرەکانی د. ئاراس عەزیز عەبدوڵا، کۆلێژی پەروەردی بنەڕەتی، سلێمانی.

مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (٢٠٢١) زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

موکریانی، گیوی (١٩٩٩) *فەرهەنگی کوردستان* . چاپی دووەم .هەولێر: دەزگای ئاراس.

هەژار (١٣٥٩) *فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کوردی-فارسی* .تهران: چاپخانەی سروش.

هەژار (١٣٦٩) *هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی-فارسی*. تهران: چاپخانەی سروش.

نوری، جەمال (٢٢٠) زەمەنی شیعری و خەون بینینی شاعیر. وەرگیراوە لە وێبسایتی:

www. bopeshawa.net

نوری، شوان عثمان (٢٠٢٣) *ڕۆمانەکانی (کاروان عومەرکاکە سوور) لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە*

.کۆیە.

نوری، مژدە ئیسماعیل (٢٠٢١) "نامۆیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا(جەمال غەمبار) بەنموونە".گۆڤاری زانکۆی گەرمیان. (٣) ٨

ئاسۆن، پۆل لۆران (٢٠٢١) *فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید*. وەرگێڕانی وەلید عومەر .چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی ئەلوەند.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

الخليلي، عنادغزوان اسماعيل وجعفرصادق ( ١٩٨١) *خمسة مداخل الي النقدالادبي* .دارالرشد.

الوردي، علي(١٩٩٤) *الاحلام بين العلم و العقيدة* . الطبعة الثانية .بيروت–لبنان: دار كوفان لندن.

ابن منظور (١٩٨٤). فهارس لسان العرب (ط. ٢، أشرف على إعداده عبد الله علي الكبير وآخرون). القاهرة: دار المعارف.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

Allatson, P. & McCormack, J. (٢٠٠٥) 'Introduction: Exile and Social Transformation.' *Portal Journal of Multidisciplinary International Studies,* Volume 2.

Chung, S. (2012) *Annals of Mobility: On the Forced Mobility of Exile.* [Online] Available at: https://www.thecommononline.org/annals-of-mobility-on-the-forced-mobility-of-exile/ [Accessed 22 January 2025].

Freud, S. (1908) Interprctation of Dreams and xreative writers and Day Dreaming.

Freud, S. (1926) *Inhibitions, Symptoms and Anxiety. Translated by J. Strachey. The Standard Edition of the Complete Psychological Works of Sigmund Freud, Volume XX*.. London: Hogarth Press.

Freud, S. (1930) *Civilization and Its Discontents*.. London: Hograth Oress.

Halabi, Z. (2017) 'The Banality of Exile.' *Edinburgh University Press eBooks, [online]*, p. 96–130.

Jordhus-Lier, &. s. (2017) *samfunnsgeo-grafi.* en innforing: Cappelen Damm akademisk.

Gautam,M.K.,(2013)Indian Diaspora:Ethnicity and Diasporic Identity.CARIM-India Research Report2013/29.Migration policy center,European University,Institute,Florence.

**The Duality of Exile and Dream in the Poetry of Jalal Barzinji from Psychological Perspective**

**Abstract**

This study examines the duality of exile and eream in the poetry of Jalal Barzinji (1991–٢٠٠٣) through the lens of psychoanalytic theory, with particular reference to the work of Sigmund Freud. It explores the significant role that dreams play in shaping literary expression, especially within the context of poetic texts produced during exile. Although some published articles refer to the interpretation of poets' dreams in poetic texts, they do not interpret dreams in a specific method. This research differentiates itself by applying a psychoanalytic approach to interpret the psychological dimensions of Barzinji's dream imagery and its connection to the experience of exile. The study pursues two main objectives: 1) to assess the extent to which Barzinji's exile-era poetry incorporates dream motifs; 2) to analyze how these dreams reflect key aspects of the exile condition. The findings indicate that dreams constitute a major thematic component of Barzinji's poetry from this period. These dream representations reveal recurring symbols and emotional states associated with exile, including nostalgia, a yearning for childhood and homeland, alienation, and a persistent struggle to preserve identity and cultural memory.

**Key Words**: Features of Exile, Dream, Psychoanalysis, Poems.

ثنائية المنفى والحلم في أشعار جەلال البرزنجي - دراسة من منظور التحليل النفسي

**الملخص:**

تتناول هذه الدراسة، المعنونة بـ" ثنائية المنفى والحلم في أشعار جەلال البرزنجي دراسة من منظور التحليل النفسي (١٩٩١–٢٠٠٣)"، الدور المحوري الذي يؤديه الحلم في الإبداع الأدبي وتشكيله، إذ يتجلى هذا النمط من الإبداع بوضوح في النصوص الأدبية عموماً، وفي الشعر على وجه الخصوص. على الرغم من أن بعض المقالات المنشورة تشير بشكل مباشر أو غير مباشر إلى تفسير أحلام الشعراء في النصوص الشعرية، إلا أنها لا تفسر الأحلام بطريقة محددة؛ وما يميز هذه الدراسة عن سابقاتها هو توظيف المنهج النفسي، وبالأخص نظرية سيغموند فرويد في تحليل الأحلام واستكشاف ملامح تجربة المنفى. تهدف هذه الدراسة إلى الكشف عن القصائد التي كتبها جەلال برزنجي أثناء فترة المنفى ومدى انعكاس الأحلام فيها و تحديد أبرز سمات المنفى في هذه النصوص الشعرية. وقد خلصت هذه الدراسة إلى أن الحلم يحتل مساحة كبيرة في شعر جەلال برزنجي المكتوب في المنفى، وأن تحليل هذه الأحلام يكشف عن تيمات المنفى المتكررة مثل: الحنين، والعودة إلى الطفولة، والتوق إلى الوطن، والاغتراب، والحفاظ على الهوية والثقافة.

الكلمات المفتاحية: سمات المنفى، الحلم، التحليل النفسي، الشعر.